

# ڕەنگە باوەکانی پرچ بۆ خانمان

ڕەنگی پرچ، تا چەند جوان و ناوازە بێت، جوانی زیاتر بە روخسار و شێوەی قژت دەدات، چونکە ئەگەر تەسریحەیەکی جوانیشت بۆ پرچت کردبوو، بەڵام ڕەنگێکی کزی هەبێت، ئیدی نابیتە خاوەنی مۆدی قژێکی سەرنجڕاکێش، بەم چەشنە پێویستە ڕەنگێکی شایستە بۆ پرچت هەڵبژێریت، هەروەك گۆڤاری (ئیبلی) ئەڵمانی تایبەت بە مۆدە و جوانکاری ئاماژەی بە مۆدی (کایین سپایس) کردووە، کە نمرەیەکی تێکەڵی نێوان ڕەنگەکانی سوور و پرتەقاڵی و زێڕی و هەروەها بریقەی ڕەنگی سوور کە ڕەنگێکی ناوازەیە بۆ ئەوانەی سپی پێستن، بۆ ئەوانەی ئەسمەرن، دەتوانن ڕەنگەکانی زەردی کاڵ، قاوەیی کاکاو، تێکەڵی هەردوو ڕەنگی زەرد و قاوەیی، بۆ ئەوانەی ڕەنگی پێستیان گەنمییە، دەتوانن قاوەیی بکەنە ڕەنگی سەرەکی پرچیان، مۆدێکی دیکەی ڕەنگی پرچ هەیە کە نێوان بێجی و قاوەییە، بۆ هەموو کەسێك گونجاوە. ئەو مۆدانە لەسەر شێوازی قژی کچە ئەکتەری ناوداری ئەمریکی (ئێما رۆبرتس)ە، کە ناوبانگی لە جوانی پرچیدا دەرکردووە و ڕەنگی ناوازە و شایستە لە پرچی بەدی دەکرێت.

# هەنگاوە سەرەکییەکانی ماکیاژی چاو



جوانیی چاوەکان، گوزارشت لە کارامەیی خانمان و لێهاتوویان بۆ ئامادەکردنی ماکیاژێکی جوان و ناوازە بۆ روخسار بەگشتی و چاوەکانیان بەتایبەتی دەکات، چونکە جوانیی چاو شێوەی روخساریش دەگۆڕێت و جیاوازە کاتێك چاوی خانمێك ماکیاژی بۆ کراوە و ئەوەی دیکەش بەبێ ماکیاژە، تەنانەت ئەگەر ماکیاژێکی سادەش بۆ چاوانت بکەیت، جوانی دەبەخشێت و گۆڕانکاری دەبێت. گۆڤاری (هابەرز بازار)ی تایبەت بە خانمان، ئاماژەی بۆ مۆدی (کریستیان لۆبۆتان) کردووە، کە شێوازێکی سەرنجڕاکێشە لە بواری مۆدەدا و تایبەتە بە مۆدەکانی (ماسکارە و کلی چاو و قەڵەمی برۆ)، لێرەوە ئاماژەیان پێدەکەین:


* ڕەنگی پشت چاو، سەرەتای هەنگاوەکانە و پێویستە ڕەنگێکی شایستە بۆ پشت چاو هەڵبژێریت، بەتایبەتی کاتێك نیازت وایە لەگەڵ مۆدی جلت یان ئێکسسوارەکان ڕێکی بخەیت، ئەو ڕەنگە باوانەی بۆ پشت چاو دادەنرێن ئەمانەن: شین، قاوەیی، بێجی، سەوز، ڕەش و وەنەوشەیی.

* ماسکارە، ئەو جۆرە مۆدەیە، برژانگەکان بە کۆمەڵ نیشان دەدات و یارمەتیدەرە بۆ کێشانی ڕەنگی چاو بە ڕەنگی ڕەش، بەمەش برژانگەکان روونتر و ناوازەتر دەردەکەون، هەروەها فڵچەکانی ڕەنگ سووری بێرگەندی، هاوشێوەی ماددەی نایلۆنە و بەمەش کاتێك بە برژانگت دەکەوێت نەرمتر و ناسکتری دەکات.

* دیاریکەری برۆ، گرنگە کاتێك ماکیاژی چاو دەکەیت و برۆیەکانیش بە جوانترین مۆد رازاوە بن، بۆیە دەتوانی بە ڕێگەی دانانی دەوروبەری برۆ، مۆدێکی رازاوە دروست بکەیت، بەتایبەتی کاتێك ڕەنگی سێبەری برۆت لە ڕەنگی (زێڕی، ڕەش، ڕەساسی تۆخ) دەبن.

* کلی شل، جوانی کلی شل نایابترە لە جوانی کلی وشك، چونکە کاتێك کلی وشك بەکاردەهێنێت هەر زوو ڕەنگەکەی پەرت دەبێت و تۆخیەکەی لە دەست دەدات، بەڵام کاتێك کلی شل بەکاردەهێنێت بە پێی قوناغەکانی، ئیدی مۆدێکی سەرنجڕاکێشی دەبێت و زیاتریش دەمێنێتەوە بۆیە پەیڕەوی بکە.

# ئەڵقەکانی نیشان و مارەیی





ئەو ڕۆژەی لەگەڵ هاوژینی ژیانت بڕیاری پێکەوە ژیان دەدەن، دەبێ نیشانەیەك هەبێت وەك گوزارشتێك لە خۆشەویستی و هێمای هاوسەریت تا خەڵك بزانن کەسێك هەیە لە نێو دڵ و ژیانت، بۆیە پێویستت بە ئەڵقەیەکی رازاوە و جوان دەبێت، وەکو دەزانین لە پێشوودا زیاتر ئەڵقەی کلاسیك باو بوو، کە شێوەیەکی سادە و تاك ڕەنگە، بەڵام لە ئێستادا گۆڕانکاری بەسەر ئەو مۆدەدا هاتووە و شێوازی تازەی ئەڵقە بۆتە مۆدی سەرەکی لە پەنجەی خانمانی مارەبڕ و نیشانکراودا. مۆدە تازەکانی ئەڵقە، شێوەی تاجی سەریان وەرگرتووە، کە لە بەشی نەخشەکەیدا، هاوشێوەی تاجێکی بچووکی سەر چێکراوە، بۆئەوەی وەك چۆن تاج بە مانای شکۆمەندی دێت، ئەڵقەی پەنجەش مانای خۆشەویستی و هاوسەری بدات، هەروەها شێوەی سەرەکییەکەی کە پەنجە دەگرێت، لە مۆدی سادە گۆڕاوە بۆ لار، بە تایبەت لەلای بەشی سەرەوەی دەچەمێتەوە و بەمەش شێوازێکی سەرنجڕاکێش نیشاندەدات. دەکرێت ئەڵقەی پەنجە و هاوسەری لە زێڕ یان ئەڵماس یان زیوو بن، هەر یەکەشیان نەخش و شاکاری جوانی خۆیانیان هەیە.





# خواردنی شەوانەی شوێنە گشتییەکان

چەندین شوێنی گشتی و تایبەتی هەن کە سەر لە ئێوارە تا درەنگی شەو جمەیان دێ، گەنجان لەم شوێنانەدا کۆ دەبنەوە و دەخۆن و دەخۆنەوە، بەو شەوە پڕ لە ئارامییە ڕۆژ دەکەنەوە و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، شەقامی ئیسکان و کۆڵانەکانی تەعجیل، دوو نموونەی زیندووی شەوانەی گەنجان و پیاوانن، جگە لەوەی چەندین خواردنی کوردەواری و بیانی لە نێو ئەو بازاڕانەدا ئامادەن بۆ خواردن، وەك خاوەن شوێنێکی چێشتلێنان دەڵێت: شوێنەکەی من چێشتخانە نییە، بۆیە بە شوێنی چێشت ناوی دەنێم، چونکە شەوانە کۆمەڵێك مەنجەڵی گەورە دادەنێم و ڕۆژانەش هەڵیاندەگرم، خواردنەکانیش بریتیین لە: قەلیە، چلەفرە، تەشریب، برنج و مەرەگە، گۆشتی سووکراوە، چەلاو، نۆکاو، قاورمە. هەروەها زیاتر دەڵێت، خەڵك لە خواردنی لەفە و گەس بێزار بوون و ئێستا باوی ئەو جۆرە خواردنانەیە، سەر لە ئێوارە تا دەرنگانی شەو، پیاوان ڕوو لەو خواردنانە دەکەن و ژەمێکی چەور و خۆش نۆش دەکەن. وەك دەردەکەوێت ئەو خواردنانە بە پاکی و بە جوانی ئامادە دەکرێن و مەرجەکانی تەندروستیشیان تێدایە، چونکە ئەو شوێنانەی ئەو خواردنە میللی و خێزانییانە دروست و ئامادە دەکەن، خاوەن مۆڵەتن و ساڵانێکیشە ئەو کارە دەکەن و جەماوەرێکی زۆریشیان هەیە.

# گاشە بەردە سەیر و سەمەرەکانی جیهان


ئەو شوێنە دێرینە، لە زۆربەی فیلمەکانیشدا وەك لۆکەیشنێك بەکاردەهێنرێت، چونکە پڕە لە گاشە بەردی گەورە، ئەو گاشە بەردانە لە زەمانێکی زووەوە دانراوە و کەسیش زانیاری دەربارەی چۆنیەتی دانانی ئەو بەردە گەورانەی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە مێژوونووسان پێیانوایە مێژووی دانانی ئەو بەردانە بەپێی توێژینەوەی جیۆلۆجی بۆ ملیۆنان ساڵ دەگەڕێتەوە، گوایە مرۆڤی ئەو کاتە زەبەلاح و گەورە بوون، ئەو شوێنە ناوی (گوندی ئیڤیبۆری - Avebury)یە و دەکەوێتە کێوی گلاستیۆنبێری تور (Glastonbury Tor)، کە لە باشووری ڕۆژئاوای بەریتانیایە، مێژوونووسان دەڵێن: ئەو شوێنە دەروازەی چوونە نێو شانشینی (ئەڤالۆن)ی خەیاڵی بووە، هەروەکو لە بیرەوەرییەکانی پاشا (ئارسەر)دا باسکراوە، سەیرترین دیمەن لەو گاشە بەردانەدا، ئەو (٦) بەردە گەورەیە کە لەسەر یەکتر دانراون و بە ناوی (سان مایکڵز) ناسراوە، ئێستا شوێنەکەی بۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری و خەڵك سەردانی دەکەن و بۆ گەشت و سەیرانیش شوێنێکی دڵڕەفێنە.




# قاچەکانی لە جیاتی دەستەکانی بەکاردەهێنێت

ئەگەر ڕۆژێك دەستێکت بریندار بێت، یان تووشی حاڵەتی شکان بێت، ئیدی پەکت دەکەوێت و هیچ کارێکت بۆ ناکرێت، بەڵام ئەی ئەگەر هەردوو دەستت نەبێت و لەم ژیانە سەختەشدا بژیت، ئەوە چیرۆکی ژیانی ئەو ئافرەتە مەکسیکییەیە، کاتێك لە دایك دەبێت بەبێ دەست چاو هەڵدەهێنێت، ئەو ئافرەتە ناوی (ئەدریانا ئیبیرین ماسیاس هێنرناندێز)ـە، تا ئێستا بە سەرکەوتووترین و لێهاتووترین مرۆڤ دادەنرێت کە تەنیا بە قاچەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەڕێ دەکات، لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دەرکەوتووە، کە لە ماوەی خولەکێکدا (١١) مۆم بە قاچەکانی دادەگیرسێنێت، ئەدریانا ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و منداڵێکی هەیە، تەنانەت هەر بە قاچەکانی منداڵەکەی پاك دەکاتەوە و دەیشوات و خواردنیش ئامادە دەکات، جگە لەوەش کاتێك بیەوێت ئاماژەیەك بە شتێك یان ژمارەیەك بکات، لە جیاتی دەست، پەنجەی قاچەکانی بەکاردەهێنێت و تا ئێستاش بە بەکارهێنانی قاچەکانی لە جێگەی دەستەکانی سەرکەوتوو بووە.









## پوختەی فیلم

**کۆنگ: عەقڵی دوورگە**

Kong: Skull Island

پڕبینەرترین فیلمی ساڵی (٢٠١٧)یە، باس لە گۆریلایەکی زەبەلاح دەکات، کە دوای ئەوەی لەلایەن تیمێکەوە ناچاری دەکەن دوورگەکەی جێبهێڵێت ئەویش ڕەتی دەکاتەوە، بەم چەشنە ناکۆکی و شەڕ لە نێوان تیمەکە و گۆریلاکە دروست دەبێت، فیلمەکە لە جۆری (فەنتازیا و زانستییە)ە و ماوەکەشی (٢) کاتژمێرە و لەلایەن (جۆردان ڤۆگت ڕۆبەرتس) کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و بودجەکەشی (١٩٠) ملیۆن دۆلارە، یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی (دیڤی ڤێرس - MonsterVerse film series).




## فۆتۆگراف

یەکێکە لە وێنە نایابەکانی جیهان کە لەلایەن وێنەگری فەرەنسی (ئیریك لافورگی)گیراوە، ئەو هونەرمەندە لە دایکبووی ساڵی (١٩٦٤)ە و تا ئێستا کاری فۆتۆگرافی دەکات، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وێنەی جیاجیای هەیە، لەوانە: کۆریای باکوور، نامیبیا، ئەفغانستان، عێراق، ئەندەنوسیا، کە بە یەکێك لە وێنەگرە بەتواناکانی وێنەی پۆرترێ بەناوبانگە و وێنەکانی هەستی مرۆڤایەتیان پێوە دیارە.





## پەند و وتە

فریدریك ویلهایم نیتچە، لە ساڵی (١٨٤٤) لە شاری ڕۆکێن ئەڵمانیا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٠٠) لە شاری وایمەر لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خەیاڵ و ڕاستەقینە گوتوویەتی: زۆربەی خەڵك نایانەوێت لە ڕاستی و واقیعەکان تێبگەن، نەوەك خەیاڵەکانیان برووخێت، هەروەها نەوەك واقیعیەت بەسەر خەیاڵدا زاڵ بێت.

### کاوڕ

هەردەم بۆ کارەکانی خۆت بیرۆکەی جوانت هەیە، ڕەنگە ماوەیەکی دیکە ئەو هەستەت نەمێنێت کە بۆ ئەو کەسە هەتە، ئەوەندە ڕەشبینی لە ژیان پێویست نییە و دەبێ گەشبین بیت، هەوڵبدە شێوازی کارکردنت بگۆڕیت و چاکتری بکەیت.

### گا

کاتێك وا هەست دەکەیت کە دڵت تەنگە و هەست بە ناخۆشی دەکەیت، پێویستە ئارام بگریت، چونکە ئەو ماوەیە کاتییە و دەڕوات، هەوڵبدە کارەکانت ڕێکبخەیت، پەلە مەکە لە بڕیارەکانت، کاتێکی خۆشت بۆت دەڕەخسێت لە دەست خۆتی مەدە.

### جمک

هەر کاتێك هەستت بە دڵتەنگی کرد، لەگەڵ کەسێکی نزیکت قسە بکە و ئەوەی لە دڵتە بۆی باس بکە، بەڵام نەگاتە ئەوەی نهێنییەکانت باس بکەیت. ماوەیەکە کەسێك گرنگیت پێدەدات و تۆش پێویستە لەگەڵی بەردەوام بیت، گەشبین بە.

### قرژاڵ

هەرگیز وا بیر مەکەوە کە کەسێکی فەرامۆش کراوی، گرنگە بزانی کە کەسێکی سەرکەوتووی لە ژیانت، بیر لە داهاتووت بکەوە و خۆت بە ڕابردووەوە مەبەستەوە. ماوەیەکە دەتەوێت کارێك ئەنجام بدەیت کە بۆت جێبەجێ نابێ، بەڵام زۆری نەماوە لە ماوەیەکی نزیکدا سەر دەگرێت.

### شێر

پێوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی نزیکت باشتر بکە و هەمیشە بیر لە خواستەکانت بکەوە، ڕەنگە هەندێ جار گرفتت بۆ دروست دەبێت، بەڵام کێشەکانت وا گەورە نین و خۆت لە خۆتت گەورە کردووە، هێمن بە و لەسەرخۆ کارەکانت بکە، چونکە داهاتووت سەرکەوتنە.

### گوڵەگەنم

کاتێك بیر لە کارێکت دەکەیتەوە، پێویستە وای بۆ دابنێی کە کارەکەت سەرکەوتوو دەبێ، نەوەك لە سەرەتاوە خەمی بۆ بخۆیت و بڵێی نابێت، هەوڵی خۆتی بۆ بدە و دڵنیابە سەرکەوتوو دەبیت، ماوەیەکە دڵت تەنگە و ئەوەش دەڕوات.

## بۆ زانیاریت

### مردنی مێروولە

مێروولە کاتێك دەمرێت زیاتر بەسەر پشتدا دەکەوێت، ماوەی نزیکەی ٢ ڕۆژ بەو شێوەیە دەمێنێتەوە بێ ئەوەی هیچ مێروولەیەکی تر لێی نزیك ببنەوە، ئەمە تەنیا دوو ڕۆژ بەردەوامە، پاشان مێروولەکان دەستدەکەن بە کۆبوونەوە لە دەوری ئەم مێروولە مردووەو هەڵیدەگرن و دەیگوازنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تایبەتیان کردووە بە ناشتنی مێروولەی مردوو. ئەوەی ڕوودەدات بریتییە لەوەی مێروولەی مردوو پاش دوو ڕۆژ ترشێکی کیمیایی لە لەشی دەردەچێت کە ناسراوە بە ترشی ئۆلیەك - oleic، لەگەڵ ئەوەی ئەم ترشە بۆ مرۆڤ بێ بۆنە، بەڵام مێروولەکان بۆنی دەکەن و لە دوورەوە هەستی پێدەکەن و جیای دەکەنەوە، تەنیا بەم بۆنکردنە مێروولەکان دەزانن کە مێروولەیەك مردووە، زیندەوەرزان و توێژەر و سرووشتناس و نووسەری ئەمریکی (ئێدوارد ویڵسن - Edward Wilson)، ژمارەیەك توێژینەوەی لەسەر مێروولە کردووە، لە توێژینەوەیەکدا ئەوەی دۆزییەوە کە هەتا ئەگەر مێروولەیەك زیندووش بێت، ترشی ئۆلیەك بڕژێنێت بەسەریدا، ئەوا مێروولەکانی تر وادەزانن مردووە، بۆیە هەر بە زیندوویی هەڵیدەگرن و دەیگوازنەوە، پاشان لە چاڵی مردووانی مێروولەکاندا زیندەبەچاڵی دەکەن.





## تابلـــۆ

### خۆری بەیانییان

وێنەیەکی نایابی خانمە وێنەکێشی ئەمریکی (پۆلین پاڵمەر)ـە کە لەدایکبووی ساڵی (١٨٦٧)ی شاری ئیلینۆی ئەمریکایەو ساڵی (١٨٩٣) ئەکادیمیای دی لێگراندی لە فەڕەنسا تەواو کردووە.


هەروەها دەرچووی پەیمانگای شیکاگۆیە بۆ هونەر، ئەو بەرهەمەی لە ساڵی (١٩٢٠) کێشابوو، وێنەکانی لایەنێکی سروشتی نیشان دەدەن و بە یەکێك لە وێنەکێشە ئافرەتە لێهاتووەکان دادەنرێت. تابلۆی خۆری بەیانیان بە بڕی (١٢٠) هەزار دۆلار فرۆشراوە، بە بەرزی (٥٠) سەنتیمەتر و پانی (٣٧) سەنتیمەترە، وێنەکێشەکەشی لە ساڵی (١٩٣٨) کۆچی دوایی کردووە.





## فێلکاری وێنە

- لەم وێنە سروشتیەی بەهار گلە نێو گژو گیادا، گیاندارێك هەیە لە وێنەکە هەوڵدە لەماوەی (١) خولەکدا بیدۆزیتەوە و جۆرەکەشی دیاری بکەیت.



## کاریکاتێر

- ئەم کاریکاتێرە، باس لەو کەسانە دەکات، کە هەر جارێك خاوەن قسەیەکە و بۆ هەر کەناڵ و لایەنێك وتەیەك دەڵێت، لەگەڵ هەر کەناڵێك قسەیەك دەکات و ڕەنگێکە.



### گۆزە

هەنگاوەکانت بەرەو چاکی ڕێگەیان گرتووە و بەم گرفتە بچووکانە مەڕووخێ و بەردەوام بە لە کارەکانت، ئەو کەسەی ماوەیەك بوو کێشەی بۆت دروست دەکرد، ئێستا پەشیمانە و نیازی وایە بۆت بگەڕێتەوە، هەوڵبدە لێی خۆش بیت، چونکە نیازی باشە.



### نەهەنگ

هەر ئەو کارانەی ڕابردووت واتی لێ کردووە کە ئێستا هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکەیت، ڕەنگە ماوەیەکی دیکە پێویستیت بە یارمەتی بێت، بەڵام کەسێکی وا نەبێت یارمەتیت بدات، بۆیە دەبێ کارەکانت بە خۆت جێبەجێی بکەیت و زیرەکانەتر هەنگاو بنێیت.



### شایان

لەگەڵ کەسێك ماوەیەکە کێشەتان هەیە، واچاکە بەیەکەوە دابنیشن و بە وتووێژ گرفتەکەتان چارەسەر بکەن. لە ماوەی ڕابردوو کاتێکی خۆشت بەسەر برد، بەڵام دەبێ وریا بیت لەو گرفتەی ماوەیەکە لە دڵتە، بە هیواشی کاری لەگەڵ بکە و چارەسەر دەبێت.



### دووپشک

هەموو کەسێك جۆرە ڕەفتارێکی پێویستە، تۆش هەمووان تێکەڵاو دەکەیت، دەبێ زیرەکانە لەگەڵ دەوروبەرت ڕەفتار بکەیت، ئەو کاتەی پێویستت بە کارێکە، سەرەتا بیری لێ بکەوە، نەوەك لە خۆتەوە بچیتە ناوی و دواتریش زەرەرمەند بیت.



### کەوان

بیرکردنەوەت لە ژیانی خۆت کارێکی زۆر دروستە، بەڵام هەندێ جار ئەو بیرۆکانەت بۆ ناچێتەسەر، ئەو کاتەی دەتەوێت کارێك بکەیت، سەرەتا پلانی بۆ دابنێ و هەمیشە چاوکراوە بە لە بەرامبەر ئەو کارانەی بۆت دەکرێت، پەلە مەکە لە کارەکانت سەرکەوتوو دەبیت.



### گیسک

ئەو هەستانەی بۆت دروست دەبن، دەبێ وریا بیت لەوەی کە هەمیشە هەموو هەستێك ڕاست نییە، زەرەری ماددی دەکەیت و دواتر قەرەبوو دەکرێتەوە، شێوازی کارەکردنت سەرکەوتووە و کەسێکیش دژایەتیت دەکات، بەڵام واباشە فەرامۆشی بکەیت و ئیدی خۆی وازت لێ دەهێنێت.